# شۆڕش بۆ سەربەخۆی کوردستان،
# یا شانۆگەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران و ئێراق ؟

ئەم نووسراوە لە مانگی ئاب‹ ئاگوستی› ساڵی ٢٠٠٠دا لە ژمارە ٢٢٢٩ی کوردستانی نوێ لە کوردستان چاپ کراوە . بە هۆی هەل و مەرجی تایبەتی ئەمرۆی کوردستان پێم باشە دووبارە بڵاو بێتەوە.

*

ساڵی ١٩٨٢ چەن فارسێک کە خۆیان بە رابەری چینی کرێکارانی ئێران لە لای ‹ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران › دابووە قەڵەم، لە کوردستانەوە حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانیان بە یارمەتی کۆمەڵە پێک هێنا، و رێکخراوەی کوردستانی هەمان حیزبیان بۆ کوردستان دروست کرد، هەروەها بەرنامەی خودمختاری بۆ کوردستان لە لایەن ئەم حیزبەوە پەسەند کرا.
ئەندامانی دەفتەر سیاسی ئەو حیزبە لە ساڵی ١٩٩١دا لەو حیزبەی کە خۆیان دروستیان کردبوو چوونە دەرەوە، پاشان حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانیان لە سوید دامەزراند.

لە ١٩٩٣/٧/٢١دا ئەمجەد غەفور ـ رێبوار ئەحمەد ـ تاهیر حەسەن .... لە کوردەکانی سلێمانی...کوتیان:{‹ لە درێژەی هەوڵوتەقالای کۆمۆنیستەکانی ئێراق و هەڵسوڕاوان و رابەرانی کرێکاری بۆ پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراق، ژمارەیەک لە هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی سۆشیالیزمی کرێکارانی ئێراق داوایان لە ئێمە کردووە ئەم حیزبە پێک بهێنین.›. ‹ **بەیانییەی راگەیاندنی پێکهێنانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراق**›. **ئەنترناسیۆناڵ ژمارە ٧** }.
پاش ١٧مانگ لە ٩٤/١٢/٣ لە پلۆنۆمی دووهەمدا بەم جۆرە کارنامەی حککع ئەخەنە روو:
{‹ حیزب لەم قۆناغەدا نەیتوانیوە وەک حیزبێکی یەکپارچە لە مەیدانی سیاسی ئێراقدا هەڵسوڕێ و بە گیروگرفتەکانی جوڵانەوەکەی خۆی وەڵام باتەوە.... لە گۆتایی پلۆنۆمدا دوو کەس بە ناوەکانی‹ کورش مودەرسی ›و‹ رەحمان حسێن زادە› لە هاورێیانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران بە کۆمیتەی ناوەندی زیاد کرا.›. **ئەنترناسیۆناڵی ژمارە ١٨**}.

جێگەی سەرسوڕمانە هەر لە دووهەمین پلۆنۆمدا،و لە هەڕەتی لاوی ‹ حککع› دا باسی لاوازی خۆیان ئەکەن، لەوەیش سەیرتر ئەوەیە لەناو ئێراقێکی٣٠ ملیۆنیدا کە رایانسپاردوون بۆ پێکهێنانی حککع کەس نییە بێتە حیزبەکەیانەوە و یارمەتیان بدات بۆ راپەڕاندنی ئەو پرۆژەی کە کرێکارانی کۆمۆنیست خستوویانەتە ئەستۆیانەوە، بۆیە بەناچار ئەکەوەنە رابەر قەرز کردن لە حیزبی کۆمۆنیتستی کرێکاری ئێران!
راستی مرۆڤ ناتوانێت لە خۆی بپرسێت و بڵێت ئەم حیزبە، حزبێکی راستەقینەیە، یان حیزبێکی دەسکردە!
هەر دوو حیزبی( حککا ـ حککع) خودمختاری و فیدرالیزم رەد دەکەنەوە، سەبارەت بە کوردستانی ئێران و ئێراق باسی دیاری کردنی چارەنووس ئەکەن لە رێگای رفراندۆمەوە، تەنانەت باسی سەربەخۆی کوردستانی ئێراق ئەکەن.
خواستی سەربەخۆی کوردستان، چ وەک یەکپارچە و چ بەشێوەی چەن پارچەیی کارێکی پیرۆزە و مافی گەلی کوردە، بە بێ ئەوە کێشەی کوردستان ناگاتە ئەنجام! بەڵام با بە پێی بەڵگەکانی حککا و حککع برۆینە ناخی ئەم پرۆژەوە و بزانین ئایندەی کوردستان بە کوێ ئەگات.

## مەسەلەی سەربەخۆی کوردستانی ئێراق بە پێی بەرنامەی حککع

حیزب چییە؟ حیزب کەرەسەیەکە بۆ پێش بردنی ئەمانجێکی سیاسی دیاریکراو، هەر حیزبێک ئەندام و لایەنگرانی خۆی بۆ ئەو ئامانجە پەروەردە ئەکات!
ئامانجی حککع بە پێی ناوەکەی و ئەو ئەرکەی کە کۆمۆنیستەکانی ئێراق پێیان سپاردوون، رابەرایەتی کردنی بزووتنەوەی کرێکارانی ئێراق بە کورد ـ عەرەب.... لە سەراسەری ئێراقدا. ئەم حیزبە ئەبێ کرێکارانی ئێراق بە تیئۆری (وەحدە عمل = یەکیەتی کرێکارانی ئێراق پەروەردە بکات. ئایا ئەگەر کوردستانی ئێراق لە ئێراق جیا بێتەوە، ئەوە پێچەوانەی ئەو ئەرکە نییە کە کۆمۆنیستەکانی ئێراق پێیان سپاردوون؟ هەروەها ئەگەر کوردستان لە ئێراق جیابێتەوە ئەم رابەرە کوردانە کە ئەرکی رابەرایەتی کردنی حککع یان لە ئەستۆدایە، لە کام ناوچە ئەمێننەوە، لە کوردستان، یان لە ئێراق؟ ئەگەر لە کوردستان بمێننەوە ئەوە کرێکارانی ئێراق بێ رابەر ئەبن، ئەگەر بۆ ئێراقیش برۆن کرێکارانی کوردستان چارەیان چییە؟

لێرەدا پێویستە ئەم پرسیارەیان ئاراستە بکەین: کام موسوڵمان هەیە لە دنیادا بە موسوڵمانێتر بڵێت: تۆ لە دینی ئیسلام وەرگەڕێ. کام مەسیحی بە مەسیحییەتر بڵێت: تۆ لە دنیای مەسیحییەت برۆ دەرەوە؟!

چۆناوچۆنە رابەرانی حککع لە کوردستانەوە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراق دروست ئەکەن و باسی جیابوونەوەی کوردستانیش ئەکەن. ئەم رابەرانە کە باسی سەربەخۆی کوردستان ئەکەن، ئەبوو لەبری ئەوەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراق بنیاد بنێن، ئەبوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانیان دروست بکردایە و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکەیان بە بیروباوەری سەربەخۆیی کوردستان و بە ئیدئۆلۆژی کرێکارانی کوردستان پەروەردە بکردایە! راستی بەم دێوجامە ئەیانەوێ چە راوێک بکەن؟!

رفراندۆم چییەو چۆناوچۆن ئەبێ ببێت بە پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا باسێکی بەرینە. بەو هیوایە لە داهاتوودا بە پێی زانیاری خۆم کە زۆریش کورتە بتوانم بیخەمە بەردەستی خوێنەرانی بەڕێزەوە، بەلام با بزانین ئەم رفراندۆمەی کە بووە بە خۆراکی سیاسی حککا و حککع چ دەسکەوتێکی هەیە بۆ گەلی کورد.

مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان کە بوو بە پرۆژەیەکی سیاسی لە جهاندا، خۆشبەختانە لە سەرەتاوە لەلایەن کەسانێکی وەک ‹ مارکس› و ‹ وێلسۆن ›...کە خۆیان و گەلەکەیان ژێردەستە نەبوون، پەسەند کراوە.

ئەو زانایانە بە مەبەستی یارمەتی دانی گەلانی ژێردەستە هەستاون بەو کارە! ئەو ئازادیخوازانە بڕوایان بە دەسکەوتی رفراندۆمەکە بووە!

با بە پێی بەرنامەکانی حککا و حککع لە رفراندۆمەکەیان بۆکۆڵینەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراق ئەڵێت: {(بەرپاکردنی ریفراندۆم لە کوردستانی عێراق لە ژێر چاودێری نەتەوەیەکگرتووەکاندا کە تێیدا خەڵکی دانیشتوانی ئەم ناوچانە‹ بە کورد و غیرە کوردەوە› رای خۆیان سەبارەت بە پێکهێنانی وڵاتێکی سەربەخۆ، یان مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا دەخەنە روو. ئەنجامی ئەو ریفراندۆمە رەسمی و قانوونییە و دەبێ جێبەجێ بکرێت... رۆشنە کە هەڵوێستی حیزب سەبارەت بە جیابوونەوە لە عێراق لە حاڵەتی گۆڕانی عێراق بە وڵاتێک و بە دەوڵەتێکی علمانی و غەیرە قەومی، یان وەخۆکەوتن و پەرەگرتنی خەباتی سەراسەری کرێکاریدا قابیلی ئاڵوگۆڕ پەیدا ئەکات. رێکخراوەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێراق). **بڵاوکراوەی ئەنترناسیۆناڵ، ژمارە ٢١**}.

ئەم رفراندۆمەی کە حککع باسی ئەکات ٢ خاڵی گرنگی تێدایە کە لێی بدوێین.

خاڵی ـ ١

بەیاننامەکە ئەڵێت: ‹ بە کورد و غەیرە کوردەوە›. هەرکەس سیاسەتی حکومەتی ئێراق لە بەرچاو بگرێت و بیر لە پرۆسەی تەبعید ـ تەعریب ـ تەرحیل کاتەوە، ئەبێ بزانێت کە دەوڵەتی ئێراق لە پیادە کردنی ئەو سیاسەتەدا چ مەبەستێکی بووە.

هەر کەس کە باسی رفراندۆم بکات ئەبێ بزانێت کە تاکە دەنگێک کارای خۆی هەیە وئەتوانێ تای ترازووەکە بە لایەکدا بخات، حکومەتی ئێراق بەو مەبەستە سیاسەتی تەعریب ـ تەبعید ـ تەرحیل پەیرەو ئەکات کە لە وەها رۆژێکی وەک رفراندۆمدا تای ترازوو بە لای خۆیدا بشکێنێتەوە.

لە پرۆسەی رفراندۆمدا ئەو غیرە کوردانەی کە پێش پرۆسەی تەعریب و تەرحیل لە ناوچەکەدا ژیاون ئەوانە ئەکەونە ژێر یاسای رفراندۆم و مافی خۆیانە بەهەر شێوەیەک دەنگ بدەن! بەڵام ئەو غەیرە کوردانەی کە بە پێی سیاسەتی تەعریب هاتوونەتە ناوچەکە، ئەبێت لە رفراندۆمدا بەشداری بکەن؟ ئەم پرسیارەم لە رێگای رادیۆ شەبەنگ لە ستۆکۆڵم خستە بەردەستی ئەندامێکی کۆمیتە ناوەندی حککا و حککع، ئەویش فەرمویان: بەڵێ ئەوانە مافی خۆیانە.

خاڵی ـ٢

بەیاننامەکە ئەڵێت:‹رۆشنە کە هەڵوێستی حیزب سەبارەت بە جیابوونە لە عێراق لە حاڵەتی گۆڕانی عێراق بە وڵاتێک و بە دەوڵەتێکی عیلمانی و غەیرە قەومی یان وەخۆ کەوتن و پەرەگرتنی خەباتی سەراسەری کرێکاری قابیلی ئاڵوگۆڕ پەیدا ئەکات›.

ئەم بەشە لە بەیاننامەکەیان ئەوە ئەدات بەدەستەوە کە ئەم حیزبە بڕوای بە جیابوونەوەی کوردستان لە ئێراق نییە!

ئەگەر بڕوای بە جیابوونەوە بێت پێویستی بەو نییە کە بزانێ چی لە ئێراقدا روو ئەدات! تۆ وەک گەلی کوردستان، ئەتوانی بۆ خۆت هەر حکومەتێت کەپێت باشە بنیادی بنێی وئەویش وەک گەلی ئێراق بەرنامەی خۆی دیاری ئەکات!

ئەم شەرت و مەرج لەبەر چاو گرتنە خۆی هەڵوەشاندنەوەی دەسکەوتی رفراندۆمە.

رفراندۆم لە کوردستانی ئێران

سەبارەت بە رفراندۆم لە کوردستانی ئێران با سەیرێکی بیروبۆچوونی حککا بکەین لە ژێر ناوی مەسەلەی کورددا.

{(مەسەلەی کورد: حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری چارەسەری مەسئەلەی کوردە لە ئێران لە ڕێگای بەڕێوە بردنی رفراندۆمی ئازاد لە ناوچە کورد نشینەکانی رۆژئاوای ئێران، لە ژێر چاودێری رەسمی نێوتەوەیدا..‹ موضوع رسمی حزب کمونیست کارگری در هر مقطع بر مبنای یک برسی مشخص از موقعیت موجود و مصالح و منافع کل طبقه کارگر و مردم زحمتکش در کردستان بطور اخص تعین خواهد شد)=( هەڵوێستی رەسمی حیزب کۆمۆنیستی کرێکاری لە هەر کاتێکدا تایبەتە بەو هەل و مەرجەی کە هەیە، و هەروەها سوود و بەرژەوەندی چینی کرێکار بە گشتی و خەڵکی کرێکار و رەنجدەری کوردستان بە تایبەتی کە دێتە ئاراوە.)}.

ئەگەر وردبینانە لەم رفراندۆمە بکۆڵینەوە ئەمیش ٣ خاڵی گرنگی لە خۆگرتووە.

خاڵی ـ ١

مەسەلەی کورد، ئەگەر باس لە رفراندۆم ئەکرێ بۆ چارەنووسی کوردستان ئەبێت بڵێن مەسئەلەی کوردستان، نەک مەسئەلەی کورد. هێنانە گۆڕێی مەسئەلەی کورد لە لایەن رابەرانی حککا، چەواشە کردنی مەسئەلەکەیە! با بە چەند نموونەی جهانی ئەم چەواشەگەرییە دەسنیشان کەم. لە جهانی سیاسی ئەمرۆدا ئەڵێن مەسئەلەی فەلەستین، ئەریتریا، باسک و کشمیر... ئەمەیە راستی مەسئەلەکە، نەک ئەوەی ئەوان باسی ئەکەن، ئەوەی ئەوان باسی لێوە ئەکەن ئەوە سیاسەتی فریودانە!

خاڵی ـ ٢

موضوع رسمی حزب کمونیستی کارگری در هر مقطع بر مبنای یک برسی مشخص از موقعیت موجود و مصالح و منافع کل طبقه کارگر و مردم کارگر و زحمتکش در کردستان بطور اخص تعین خواهد شد.

ئەگەر سەرنجی ئەو پەراگرافە بدەین رابەرانی حککا لە سەر کورسی ‹ هیت **تشخیص مصلحت** نظام› دانیشتون و خۆیان کردووە بە قەیومی گەلی کورد! دەنگ و رئەیی میللەتی کورد بەلای ئەوانەوە هیچ نرخ و بەهایەکی نییە، ئەوەی رابەران خۆیان بەباشی بزانن ئەوە پەسەند ئەکەن!

خاڵی ـ ٣

مصالح و منافع کل طبقه کارگر، رابەرانی حککا ئەیانەوێ سوود و بەرژەوەندی تێکڕای چینی کرێکار بە گەلی کورد جێبەجێ کەن. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە راستی گەلی کورد بۆ چارەنووسی سیاسی کوردستان ئەبێت دەنگ بدات، یان بۆ بەرژەوەندی چینی کرێکار؟!

ئەم خۆ بە حەکەم زانینەی رابەرانی حککا و حککع مەسڵەحەتی دوا رۆژی چینی کرێکار... لە بەرچاو گرتنە، هەمووی برِوبیانوو گرتنە، هەمووی کۆسپ دروست کردنە لە سەر رێگای سەربەخۆی کوردستان بۆ ئەوەی ئێرانەکەی ئەوان زیانی پێ نەگات و بەس!

بۆ ئەوەی راستی و ناراستییەکان کەونە روو پێویستە بۆ رابردوو گەرێینەوە. ساڵی ١٣٥٧ گەلانی ئێران بە دژی سیستمی پاشایەتی بە دروشمی ‹ ئیستقلال ـ ئازادی ـ کۆماری ئیسلامی› راپەرِین. گەلی کوردیش لەو راپەرِینەدا بەم دروشمانە بەشدارییان کرد.

چەک هەلگری خاکێکم دوژمن لە سەری زاڵە من بوومەتە بێگانە، بێگانە خاوەن ماڵە

تا دەر نەکرێ سپای بێگانە رەزگاری نایەت ئەم کوردستانە

ئەو دروشمانە کرا بوونە فارسی و برابوونە لای ‹ شاپور بەختیار› سەرۆکوەزیرانی ئێران. لە رۆژێکدا کە بەختیار گوێی لە قرمەقرمی شکانی پەراسووەکانی خۆی و شاە لە ژێر زەبری شۆرشی ئیسلامی ئێراندا بوو،لە تەلەڤیزیۆنی تاراندا کوتی:( کردها تجزییه طلب هستند).

بەختیار بە نیاز بوو کورسی شا و سەرۆکوەزیرییەکەی خۆی لە کەللە سەری گەلی کورد دروست بکاتەوە، بەلاَم تۆفانی شۆرِشی ئیسلامی مۆڵەتی نەدا.

لە راپەرِینی ساڵی ١٩٩١ی باشوری کوردستان، رادیۆی گەلی کوردستان کە بڵەنگۆی راپەرِین و زمانی بەرەی کوردستانی بوو، لە راپۆرِت و لێدوانەکانی خۆیدا هەر باسی کوردستانی ئەکرد و ئەیوت: ئەوە ئەو تەپۆڵەکە لە داگیرکەر پاکراوە، ئەو بستە خاکە گرایەوە باوشی دایکی نیشتمان.... زۆر کەس ئەم دروشمەی رِاپەرینی لە یادە.

خوێنی شەهیدان سورە جەبەل حەمرین سنوورە.

دروشمەکانی راپەرِین و وەدرنانی حکومەتی ئێراق لەو بەشەی کوردستان بووە مایەی نیگەرانی اَغای مەسعود رەجەوی. کاتێک لەشکری داگیرکەری ئێراق لە سەرتای ساڵی ١٩٩٢دا هێرشی هێنایەوە بۆ کوردستان، رێکخراوەی موجاهیدین خەڵکی ئێران شانبەشانی لەشکری ئێراق پەلاماری کوردستانیان دا، موجاهیدین لەو کارەدا دوو مەبەستی بوو. یەکەم پاراستنی یەکپارچەیی ئێراق. هەم موجاهیدین هەم هەموو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و ئێراقی و تورکیەو سورییە بە دەوڵەتەکانیانەوە لە سەر ئەو باوەرِن کە ئازاد بوونی هەر پارچەیەکی کوردستان کارایی ئەبێت لەسەر پارچەکانی دیکەی کوردستان، لەو روانگەوە موجاهیدین بیری لەیەکپارچەیی ئێران

ئەکردەوە. مەبەستی دووهەمی رەجەوی ئەوە بوو وەفاداری دووبارە کاتەوە بۆ کورد کوژەکان.

دەسکەوتی راپەڕین بوو بە هۆی پێکهێنانی پەرلەمانی باشوری کوردستان. پێکهاتنی پەرلەمان خەو و خۆراکی لە شیۆنیستەکانی ئێرانی تاڵ کرد، ئەم تاقمە بەم جۆرە هەڵوێستیان کردووە،{(کوردەکان بەیارمەتی وڵاتانی ئیستعماری تازەی رۆژئاوا هەستاون بۆ پارچەپارچە کردنی وڵاتانی ئەم ناوچەیە، کە وایە ئەرکی ئێمە ئێرانییەکانە بە گوێرەی توانای خۆمان بۆ دامرکاندنی ئەو پیلانە نێونەتەوەییە بۆ بەرگری لە یەکپارچەیی خاکی ئێران پەنا بۆ هەر شتێک بەرین). **کەیهان لەندەن ژمارە ٤١٢ کەتانەی سوڵتانی**}.

وەک ئەزانین حککا، حککع باسی سەربەخۆی کوردستان ئەکەن و وان لە خەمی گەلی کورددا، با هەڵوێستی تیئۆریچییەکانی ئەمانیش هەڵسەنگێنین و بزانین جیاوازییان چییە لە گەڵ موجاهیدین و تاقمە شیئۆنیستەکانی کەیهان لەندەن.

{( لە کاتێکەوە دەست تێوەردانی ئەمریکایان بۆ دەرکەوتووە، فیلی ئەمانە یادی هێندوستان ئەکات و ئایندەنگرەییان لە چوارچێوەی نەتەوەییدا گوڵ ئەکات و خێرا ئەکەوەنە فکری خێروبێری ئەم جەنگە بۆ کورد و سەربەخۆی کوردستان.). **کتێبی بحرانی خلیج و رویدادهای کردستان عراق، ل ٥٠٠ مەنسور حیکمەت**}.

هەر کەسێک کە ئەلف و بێی سیاسی بزانێت و خۆ گێل نەکات، ئەزانێت کە مەنسور حیکمەت« ژوبین رازانی» و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێران بە ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا بێزاری خۆی لە سەربەخۆی کوردستان بەیان ئەفەرموون!

با بە سەنەدێکتر هەمان دیدوبۆچونی دەفتەر سیاسی پێشووی «حکا» کە ئێستا دەفتەر سیاسی« حککا و حککع» بەڕێوە دەبەن و باسی سەربەخۆیی کوردستان ئەکەن و خودمختاری رەد ئەکەنەوە، بخەینە روو کە ئەڵێن:

{(لە لایەن دەفتەر سیاسی بۆ، ئیراهیم عەلیزادە و رەحمان حسین زادە ١٩٩١/٦/٢٨)

( در مورد برخورد بە دو حزب دمکرات = سەبارەت بە هەڵوێست گرتن لە بەرانبەر هەر دوو لایەنی حیزبی دێموکراتدا)

( الف ـ دادن یک تعبیر عامە فهم و قابل قبول از مقولە خودمختاری. بعنوان نیرویی کە خواهان جدایی و استقلال کردستان نیست و .... = ئەلف ـ شیکردنەوەیەکی ئاسان و رەوان بۆیان لە مانای خودمختاری. وەک هێزێک کە خوازیاری جیابوونەوە نییە و سەربەخۆی کوردستانی ناوێت و...)

(ج ـ خواست رفراندوم بر سر مساله خودمختاری و اعلام شرایط اَن ... ما باید اهمیت سند خودمختاری برای اَینده کردستان ایران را برای حزب دمکرات توضیح بدهیم و انرژیمان را در مناسبات متقابل روی جلب اَنها به این ایده بگذاریم....) =
( ج ـ داواکاری رفراندۆم بۆ مەسەلەی خودمختاری و راگەیاندنی مەرجەکانی .... ئێمە ئەبێت گرنگی گەڵاڵەی خودمختاری بۆ کوردستانی ئێران بۆ حیزبی دێموکرات شی کەینەوە و ئەبێت خۆمانی بۆ ماندوو کەین و سەرنجی ئەوان بۆ ئەم بەرنامەیە راگێشین.). **ل ١٦٩و١٧٠ هەمان سەرچاوەی بحران خلیج**}.
ئەوە کورتەیک بوو لە شانۆگەری سەربەخۆیی کوردستان لە لایەن حککا و حککع .
لە کۆتایدا ئەڵێم :

ئەشکی خواکان دوو رەنگە — یەکێ جەنگ و یەک نیرەنگە
ئێمە بە جەنگ نەدۆڕاوین — هەر بە نیرەنگ فەوتاوین!

سەعی سەقزی ٢٠٠٣/١٠/٦